# تاچەند پێویستە لەکوردستان بەرنامەی پاراستنی خێزان هەبێت بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن؟

ئاسانە سلێمان



«بەنیازم ڕێبەرێکی تایبەت بەڕاهێنانی دەروونی کۆمەڵایەتی دروست بکەم بۆئەوەی کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان لەو ڕێگەوە چارەسەر بکەم، و هیوادارم وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرچی زووە بیر لەدروستکردنی دەزگایەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی خێزان بکاتەوە». ئەوە قسەی توێژەرێکی کۆمەڵایەتییە کە هەستی کردووە لەئێستایە ئەو دیاردەیە لەگەشەکردن دایە.

عەقیدی ماف پەروەر جەمیل محەمەد سورچی لەماوەی ئەو ساڵەی کارکردنی لەنووسینگەی نەهێشتنی تاوان هەستی بەوە کردووە کە ڕێژەی خۆکوشتن لەم ساڵە دا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، دەشڵێت «بەهۆی ئەزموونی کارکردن بۆم دەرکەوتووە کە بەهۆی نەبوونی ڕۆشنبیری لەناو خێزان ئەو حاڵەتە لەزیاد بوون دایە».

عەقید جەمیل باس لەوەش دەکات کە خۆکوشتن منداڵی تەمەن هەشت ساڵان و پیاو و ژن و خەڵکی نەخوێندەوار و خاوەن بڕوانامەشی گرتۆتەوە، تەنیا لەم ساڵدا لەلای ئەوان کاریان لەسەر خۆکوشتنی (٢١) کەس کردووە، عەقید جەمیل دەڵێت «لەگەڵ پێشکەوتنی کوردستان و کرانەوە بەڕووی جیهان کێشەی جۆراوجۆر سەر هەڵدەدات، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەرنامەیەک هەبێت بۆ پاراستنی خێزان هاوشێوەی ئەو بەرنامانەی کە لەوڵاتانی تر هەیە، بۆ نموونە ئێمە خولێکمان بینی لەسەر پاراستنی خێزان لەوڵاتی ئوردن کە وەزارەتی ناوخۆ ئەو بەرنامەیەی بەڕێوەدەبرد، بۆیە پێویستە لەکوردستان بەرنامەیەک هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوە یان کۆنترۆڵکردنی ئەو دیاردەیە».

**ئاری ڕەفیق: کاتی ئەوە هاتووە بەرنامەیەك دابڕێژرێت بۆکردنەوەی دەزگای پاراستنی خێزان**

**لەنەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدرێت ئەو بابەتانە نەوروژێنرێت**

سامان سیوەیلی توێژەری کۆمەڵایەتی

و بەرپرسی سەنتەری خێزان لەسلێمانی پێیوایە زەقکردنەوەی ئەو بابەتە خزمەت بە بەرەنگاربوونەوەی خۆکوژی ناکات لەکوردستان، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕەنگە زیاتری بکات، سامان دەشڵێت «تەنانەت لەنەتەوە یەکگرتووەکانیش داوادەکرێت بابەتی خۆکوشتن لەناو کۆمەڵگە نەوروژێنرێت، بەڵام ئەوە بەمانای ئەوەش نییە کە فەرامۆش بکرێت، چونکە هەست دەکرێت ئەو مەسەلەیە لەگەشە کردن دایە، بۆیە پێویستە بەرنامەیەکی بۆ دابڕێژرێت کە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی تێدا ئەنجام بدرێت لەشێوەی وۆرك شۆپ و کۆڕ و سیمیناردا».
بەرپرسی سەنتەری خێزان باس لەوەش دەکات کە ئەنجامدانی کۆڕ و سیمیناریش بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك ناگاتە ناو هەموو خێزانەکان تەنیا بۆ چینێکی کۆمەڵگە دەبێت، بەڵام ئەگەر بێتوو سەیر بکەین ڕاگەیاندن ژیانی خێزانی کوردی داگیر کردووە و کۆمەڵێك کەناڵی ڕاگەیاندنمان هەیە کەچی نەیانتوانیووە خێزانی کورد هۆشیار بکەنەوە، ئەو توێژەرە دەڵێت «پێویستە کەناڵێکی ئاسمانی هەبێت تایبەت بەخێزان بەناوی (فامیلی تیڤی)، لەگەڵ ئەوەی ڕاگەیاندنی ئێمە پارەیەکی زۆری لێ بەهەدەر دەدرێت و بۆتە هۆکارێکی سەرەکیش بۆ ئەو حاڵەتە، بۆیە کەناڵێکی زانستی تایبەت بەخێزان ئەگەری ئەوەی هەیە کە تاکەکانی نێو خێزان هۆشیار بکاتەوە و ئەو دیاردەیە کەم بکاتەوە، چونکە ڕاگەیاندن مەترسیترین چەکی کاریگەرە لەسەر دەروونی مرۆڤەکان».

**بەرنامەی پاراستنی خێزان لەئێستایە گرنگە**

سەبارەت بەبەرنامەی پاراستنی خێزان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گرنگی ئەم بەرنامەیە لەم کاتەی ئێستادا، عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان توێژەری کۆمەڵایەتی ئاماژە بەگرنگی بوونی دەزگایەکی تایبەت بەپاراستنی خێزان دەکاتەوە و دەڵێت «لەهەرێمی کوردستان دەزگای تایبەت بەپاراستنی خێزانمان لەڕووی ئابووریەوە هەیە، ئەویش بەڕێوەبەرایەتی سندوقی چاودێری خێزان و تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتییە، بەڵام زۆر بەداخەوە هەتا ئێستا لەهەرێم و زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەزگایەکی تایبەت بەپاراستنی خێزان لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە نییە، لەکاتێکدا بوونی دەزگایەکی لەو شێوەیە لەهەرێم زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان بگێڕێت و ڕێگەچارە بۆهەموو کێشەکان دابنێت».
هەروەها ئاری ڕەفیق بەڕێوەبەر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان باس لەکێشە گەرمەکانی کۆمەڵگە دەکات کە بوونەتە هۆی ئالۆزبوونی ئاسایشی خێزانەکان و هەروەها پێوایە دامەزراندنی دەزگایەك بەناوی (دەزگای پاراستنی خێزان) پێویستە، بەڵام بەو مەرجەی کە بتوانێت کار لەسەر هەردوو ڕەگەزە سەرەکیەکەی کۆمەڵگەو هەرسێ ئاستە سەرەکیەکەی پێکهاتەی خێزان بکات کە بریتین لە(پیاوان و ژنان و منداڵان)، ئێستا لەکوردستان چەندین ڕێکخراومان هەیە بەناوی (کۆمەڵی مەدەنی، پاراستنی مافی منداڵ، بەرگریکردن لەمافی ئافرەت و.... تاد) هەر یەك لەم ڕێکخراوانە لەپڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کارکردنیاندا بەدروشم کار بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایشی خێزان دەکەن، بەڵام تا ئێستا ئەوانە نەیانتوانیوە پایەکانی ئاسایشی خێزان بپارێزن، هەروەها لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمیەکانیش کۆمەڵێ دەزگا هەن کار لەسەر بەشێکی خێزان دەکات بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەئافرەتان و بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی مافەکانی منداڵان هەن و ئیش دەکەن، بەڵام ئەوانە کار لەسەر ڕەگەز و تەمەنێکی دیاریکراو دەکەن کە ئافرەت و منداڵن، واتا بەشێکن لەپێکهاتەی خێزان و هەموو پێکهاتەی خێزان نین، تاکو ئەمڕۆ ئێمە لەکوردستان دەزگایەکمان نییە بۆ پاراستنی هەردوو ڕەگەزە سەرەکیەکەی خێزان و کاتی ئەوە هاتووە ئەو دەزگایەمان هەبێت و بەرنامەی بۆ دابڕێژرێت، ئاری دەڵێت «لەبەر کۆمەڵێك هۆکار پێوستمان بەو دەزگایە هەیە، یەکێك لەوانە تێگەیشتووین تەنیا ئافرەت نییە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە، پیاویش هەمان کێشەی هەیە، بەڵام بەئاست و شێوازی تر، مەرجیش نییە پیاو لەبەرامبەر ژن ڕووبەڕووی توندوتیژی ببێتەوە زۆرجار هەبووە باوك و کوڕ یان دایك و کچ یان بووك و خەسو..تاد. توندوتیژیان بەرامبەر بەیەکتر کردووە، لەلایەکی ترەوە هەست دەکەین ئەو دەزگایانەی هەیە بۆ کارکردن لەسەر ڕەگەزەکان زۆر ئەکتیڤ نین، نموونە دەزگاکانی منداڵان ئەگەر ئەکتیڤ بوونایە ئەو هەموو منداڵە ئیشکەرە بەنایاسایی لەسەر شەقامەکان نەدەبینران یاخود منداڵ سواڵی پێنەدەکرا کە بۆتە دیاردە لەناو بازاڕەکاندا، هۆکارێکی تر کە پێویستبوونی دەزگای خێزانمان بۆ دەسەلمێنێت ئەویش دابەشبوونی کۆمەڵگەی کوردی بۆ دوو بەرەی جیاواز، بەرەیەك کە فێمینیستەکانیان پێدەڵێن، بەرەیەك لەبنەڕەتدا هەموو تواناو ئامانجەکانی خۆی لەبەرگریکردنی مافەکانی ئافرەتدا چڕکردۆتەوە، بەرەی دووەمیش کە پێکهاتەی زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی پێکدەهێنێ پێچەوانەی بەرەی یەکەم بیردەکاتەوە، بەرەیەکە هەتا بوون و کارکردنی (چالاکوانی مەدەنی) بەمەترسی دەزانێت، ئەو بەرەیە بەردەوام پرسیارێك فڕێدەدات و دەپرسێت بۆچی لەرابردوودا کێشە خێزانیەکان کەمتربوون؟ بۆچی تەڵاق و توندوتیژی خێزانی ئەوندەی ئێستا زۆر نەبوون؟ لەهەمان کاتیشدا وەڵامی خۆیان هەیە و دەڵێن ئافرەتی پێشوو ئاقڵتر و تێگەیشتووتر و بەقەناعەتر بوون، بەڵام من ئەو وەڵامەی بەجۆرێك لەبڕوابوون بەستەمکاری و چەوساندنەوەی ژن لەقەڵم دەدەم، بیرمان نەچێ ئافرەتانی جیلەکانی پێشوو هێندەی ئێستا هوشیاری خێزانی و دابەشکردنی ئەرك و کارو مافیان نەبووە، چونکە هەر واتێگەیشتوون حەقی پیاوە لەئافرەتەکەی بدات و حەقی پیاوە ئافرەت ڕۆڵی خزمەتکار لەناو خێزان ببینێت و مافی پیاوە هەرکات ویستی لێشی بدات و سووکایەتیشی پێبکات و تەنانەت لەڕۆشتنیشدا سێ مەتر لەپێشیەوە بڕوات، بەڵام ئەو جیلەی ئێستا دنیا لەشاشەکانەوە دەبینێ. (ئاری) پێشیوایە پێویستە دەزگای پاراستنی خێزان هەبێت بەمەرجێك کۆمەڵێك کەس لەو دەزگایە دابمەزرێنرێن کە بڕوایان بەپرنسیپەکانی (یەکسانی جێندەری) هەبێ، هەروەها بەپێوەر و هەڵسەنگاندنی سیڤی وەربگیرێن بێ ئەوەی باکگراوندی سیاسیان ببێتە ڕێگر، بەبڕوای من ئەو دەزگایە دوو ئەرکی زۆر سەرەکی دەکەوێتە سەرشان:
یەکەمیان داڕشتنی ستراتیژیەتی کارکردن، کە تێیدا میکانیزمە جۆراوجۆرەکان بەکاربهێنرێ.
دووەمیان بەکارهێنانی باشترین ئیمکانیەتی مرۆیی.

**مەترسییەکانی زیادبوونی خۆکوشتن لەسەر کومەڵگە**

عەبدوڵڵا سەبارەت بەمەترسیەکانی خۆکوشتن و کاریگەری زیادبوونی خۆکوشتن لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان دەڵێت «هەرتاکێك لەتاکەکان وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەرشانە، لەدەستدانی دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بۆ کۆمەڵگە، بەجۆرێك کۆمەڵگە لەچەندین لایەنەوە زیانی پێدەگات، وەك ئەوەی ئەگەر مامۆستایەك یان کرێکارێك یان بەڕێوەبەرێك یان هەر تاکێکی ئاسایی خۆی بکوژێت، ئەوا لەڕووی مرۆییەو زیانێك بەر کۆمەڵگە دەکەوێت و کۆمەڵگە کەسێکی زیندوو لەدەست دەدات کە ئەگەری زۆر هەبوو ئەو کەسە بەرهەمی چاکی پێشکەش بەمرۆڤایەتی بکردایە».

**عەقید جەمیل: ڕێژەی خۆکوشتن لەم ساڵە دا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە**


# کێ بەرپرسە لەزیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی؟

ئا: رۆشنە عومەر

## چالاکوانانی بواری ئافرەتان:

**«بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان بەڵێنیان دا کە توندوتیژی کەم بکەنەوە، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ ڕێژەی توندوتیژی ڕوو لەزیاد بوونە نەک لەکەم بوون»**

چالاکوانانی بواری ئافرەتان ڕەخنە لەوە دەگرن کە تائێستاش نەیانتوانیوە بەپێی پێویست بەدوای کێشەکان دابچن بۆئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەن، دروست لەدوای ساڵی ٢٠١٠ـەوە ساڵ بەساڵیش ڕێژەی توندوتیژی زیاد دەبێت. جگە لەمەش سەرەکیترین کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتیە زانینی ڕێژەی توندوتیژییە، بەڵام ماوەی ساڵێك دەبێت ڕێژەی بەرزبوونەوەی توندوتیژی نەزانراوە، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە تائێستا نەیتوانیوە ئامارێك بخاتە ڕوو.



### حکومەت تاچەند هەوڵی چارەسەرکردنی نەمانی توندوتیژی داوە؟

بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەئافرەتان کوردۆ عومەر لەبارەی ئەو ڕەخنەو گلەییانەی کە لەسەرەتای دەست بەکاربوونییەوە ئاراستەی دەکرێن سەبارەت بەزیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی و لەهەمانکاتدا چارەسەرێکیش نەدۆزراوەتەوە دەڵێ «زۆرێك لەچالاکوانانی بواری ئافرەتان پرسیاری ئەوە دەکەن، بۆچی ساڵێك و شەش مانگە ڕێژەی توندوتیژی کەم نەبۆتەوە و ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیاد بوونە؟ من دەڵێم بەپێنج شەش ساڵی تریش ئێمە مەمنوونین ئەگەر بتوانین ڕێژەکان کەمبێتەوەو ئەوەندەبێت کە دڵمان پێی خۆش بێت، من قەد دڵم بەوە خۆش نییە ئەمساڵ ١٠ خۆکوشتن کەمی کردبێت یان ١٠ سووتان یان ٥٠ سووتان کەمی کردبێت، چونکە وەك گوتم تاقە یەك توندوتیژی کە قسەیەکی ناخۆشە بەژنێك بوترێت بەلای منەوە زۆرە، بەڵام وەك ئەوەی چالاکوانێك دێت لەگۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە باسی ئەوە دەکەن ڕێژەی توندوتیژی زیادی کردووە. وابزانم بیست ڕۆژی یەکەم بوو یان دوو هەفتە بوو من هاتبووم لەم بەڕێوەبەرایەتیە دەوامم دەکرد، بووم بە بەڕێوەبەر ڕەخنەی ئەویان دەگرت بۆ توندوتیژی کەمی نەکردووە، من نازانم من زۆر دەمێکە لەبواری ئافرەتان کاردەکەم هەمیشە پلەی بەرزم بووە دواتر بوومە قائیمقام ڕەنگە ڕەخنەکان لەبەر ئەوەبن کەمن سەر بەلایەنێکی دیاریکراوم، ئەوان سەر بەلایەنێکی تر بن و ئەوان لەبەرئەوە گلەیی دەکەن. بۆیە دەڵێم دەبێت ئەو ئافرەتانەی دەگەنە پۆست هەموومان هەوڵبدەین بەیەکەوە هاوکاربین بۆ سەرکەوتنی کارەکان نەك ڕەخنە بگرین بۆئەوەی ببێتە هۆی شکاندنی بەڕێوەبەرایەتیەکە نەك (کوردە)، چونکە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە تازە دامەزراوە هەوڵبدەین کارەکانی دروستبکەین بۆئەوەی کە توندوتیژییەکان کەمبکرێتەوە و جگە لەوەش ئەم بەڕێوەبەرایەتیە سەر بەوەزارەتی ناوخۆیە.

کوردۆ عومەر وەك باسیشی دەکات، ئەگەر توندوتیژی بەو ڕێژە زۆرە نەبوایە، ئەوا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی بەناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەرنەدەکرد، چۆن گۆڕانکاری بڕگەکانی یاسای باری کەسێتی دەکرد بۆ کەمکردنەوەی توندتیژی. لەهەمان کاتدا زیاتر کردنی نووسینگەکان و کردنەوەی ئەنجوومەنی خانمان کەچەندین کەسی پسپۆر و شارەزای تێدایە، واتا حکومەت



کوردۆ عومەر

هەوڵی داوە بۆچارەسەرکردنی نەمانی توندوتیژی و چارەسەرکردنی کێشەکان. بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەشێوەیەکی ئاسان ناکرێت، لەبەر ئەوەی توندوتیژی ڕەنگە لەدەرئەنجامی کەلتووری بێت واتا بەئاسانی کۆنترۆڵناکرێت». کوردۆ عومەر ئەوەش دەخاتەڕوو کە زۆربەی وڵاتەکان بەهیچ شێوەیەك ئامار بڵاوناکەنەوە، گەر بڵاویشی بکەنەوە ئامانجیان ئەوەیە ڕێکخراوەکان بێن کار لەسەر ئەو داتایانە بکەن و توێژینەوەی لەسەر بکەن.

### ئێمە ئامار بڵاو ناکەینەوە ببێتە مانشێتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان

هەندێ لەچالاکوانانی بواری ژنان گلەیی لەوە دەکەن کە ساڵانی پێشوو سێ مانگ جارێك ئامارێك بڵاودەکرایەوە، بەڵام ئەوە ماوەی ساڵێکە ئەو ئامارە بڵاو نەکراوەتەوە، کوردۆ عومەر لەو بارەیەوە دەڵێ «بڵاوکردنەوەی ئامار شتێکی نوێیە، دەبێت ساڵ بەساڵ بەشێوەیەکی زانسییانە سوودی لێوەربگرین و ببێتە زەختێك بۆئەوەی حکومەت و پەرلەمان هەوڵی چارەسەرکردنی بدات، ئێمە پارساڵ دووجار ئامارمان بڵاوکردەوە، بەڵام کەس کاری لەسەر نەکرد و چالاکوانانی بواری ژنان هیچ کارێکیان لەسەر ئەو ئامارانە نەکرد. بەداخەوە تەنیا لەچەند ڕۆژێك کرا بەمانشێتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، ئێمە ئامار بڵاو ناکەینەوە ببێتە مانشێتی ڕاگەیاندنەکان، بەڵکو دەمانەوێت خەڵك و ڕێکخراوەکان کاری لەسەر بکەن». کوردۆ وتیشی گەر ئێستا داوای (دە) ڕاپۆرت یاخود توێژینەوە بکەین لەسەر خۆسوتاندن و تەحەروش کردن ئەوە نیمانە، یاخود زۆربەی زۆری کێشەکانی ژنان بەهۆی مۆبایلەوە یان زۆربەی جیابوونەوەکانی هاوسەری لەهەژدە بۆ سێ ساڵیە «ئایا چالاکوانان و ڕێکخراوەکان هاتن ئیش لەسەر ئەو بوارە بکەن؟» ئێمە خۆمان وەك بەڕێوەبەرایەتی

گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان ئەمساڵ بەرنامەمان داناوە بۆ کردنەوەی سیمینار لەسەر خۆسووتان قسەمان کردووە و بەنیازین هەڵمەتێك لەسەر خۆسوتان ئەنجامبدەین، بەڵام ئەمە ئیشی دەوێت ئێمە بەتەنیا ناتوانین ئەو کارانە بکەین، دەبێت وەزارەتە پێوەندیدارەکان هاوکاریمان بکەن».

### یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی ژنان بەدەنگ داواکارییەکانی ئێمە نەهاتن

سەبارەت بە نەبوونی تەنسیق لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان، کوردۆ عومەر وتی «لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕێکخراوەکانی یەکێتی ژنان و یەکێتی ئافرەتان، ئێمە ساڵی پار داوامان لەیەکێتی ژنان و یەکێتی ئافرەتان کرد و سێ جاریش کۆبوونەوەمان کرد، بەڵام بەداخەوە هەر بەدەنگ داواکارییەکانی ئێمەوە نەهاتن، بەڵام هەندێکیان تارادەیەك بەشداربوون لەهەڵمەتی قوتابخانەکان داوامان کرد کە کۆبوونەوەکان وەرزی بێت بۆئەوەی بتوانین ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان بکەین. بۆیە لەڕێگەی گۆڤارەکەی ئێوەوە داوادەکەم ئەو ڕێکخراوانەی کە بەدەنگمانەوە نەهاتن هەوڵبدەن باشتر تەنسیقمان لەگەڵ بکەن و دەرگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کراوەیە بۆ هەموویان بۆئەوەی بتوانین ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان بکەین و بەدوای چارەسەر بگەڕێین».

### ئێمە سەر بەوەزارەتی ناوخۆین و ڕێکخراوێك نین تاکو بتوانین خەڵکی جۆراوجۆر بهێنین

هەندێ لەچالاکوانانی بواری ژنان ڕەخنە لەستافی تازەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدوادەچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان دەگرن کە گوایە نەیانتوانیوە وەکو پێویست کار بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی بکەن، کوردۆ عومەر لەو بارەیەوە دەڵێت «ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەپسپۆڕی جیاوازمان لەگشت پسپۆڕییەکان دامەزراندوە، دەکرێت ئەوانە سەرەتا زۆر شارەزانەبن، دواتر دەتوانن وردەوردە شارەزایان بکەین و خولیان بۆبکرێتەوە، چونکە ئێمە سەر بەوەزارەتی ناوخۆین و ڕێکخراوێك نین تاکوبتوانین خەڵکی جۆراوجۆر بهێنین، بەڵام ئێستا ئەنجوومەنی باڵای خانمان کراوەتەوە دەتوانین سوود لەتواناکانی ئەنجوومەنی باڵای خانمان وەربگرین، من ساڵێك و چەند مانگێکە لێرەم ژمارەی نووسینەکان لەشەش نووسینگەوە بۆتە سیانزە نووسینگە و چەندین خولمان بۆ ئەفسەران و کارمەندان کردۆتەوە، جگە لەمەش پێشتر ئافرەت کەمتر بەرپرسیی وەردەگرت، ئێستا سێ بەرپرسی

نووسینگەکان ئافرەتن (شەقڵاوە، سێمێل، خەبات) لەم ماوەیەدا سێ خولمان بۆ ئەو ئەفسەرانە کردۆتەوە، لەگەڵ (UN) دا ستراتیژمان بۆماوەی چوار ساڵ دانا کەپێشتر هیچ ستراتیژێك نەبوو بۆکارکردنی ئێمە، هەروەها بەدەیان پرۆفایلمان داناوە بۆئەوەی خەڵك وشیاربێتەوە.

## دەزگایەکی تایبەت نییە بۆدیاریکردنی ئاماری توندوتیژی

جوان بابان چالاکوان و چاودێر سەبارەت بەزیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی دەڵێت «سەبارەت بەڕێژەی توندوتیژی هەتا ئێستا دەزگایەکی دیاریکراو نییە تابتوانین بڵێین ڕێژەکە بەرزبۆتەوە یان نزمبۆتەوە، لەبەر ئەوەی گومانمان هەیە لەو ئامارەی کە دیاری دەکرێت. بۆئەوەی بتوانین بڵێین ڕێژەکە بەرزبۆتەوە یان نزمبۆتەوە، ڕاستە لەوەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتیەك بۆئەم مەبەستە کراوەتەوە و ئاماری تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام لەدەزگاکانی پۆلیس ئامارێکی تر هەیە، تەنانەت لەنەخۆشخانەی ئمێرجنسی و ڕێکخراوی یوئێنیش ئامارێکی تر هەیە، هەر یەکەشیان بەجۆرێکن لەبەر ئەوە دەستنیشانکردنی ڕێژە لەم قۆناغەدا زۆر ئاڵۆزە و ناتوانی جەخت بکەیتە سەر هیچ ئامارێك بۆئەوەی بڵێین ڕێژەی توندوتیژی زیاد بووە یان کەم بۆتەوە».

جوان بابان سەبارەت بەستراتیژی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان وتی «تێبینم لەسەر ستراتیژی کارەکانیان هەیە، بەتایبەتی ئەو ستراتیژەی کەبۆ چوارساڵ ڕایانگەیاند، لەهیچ کام لەبەندەکانی دا باسی بەدواداچوون نەکرابوو تەنیا لەدوو خاڵدا ئاماژەی پێدرابوو، پێویست بوو بەدواداچوون بەدرێژی باس بکرێت و بەندێکی بۆتەرخان بکرێت، لەبەر ئەوەی کارەکان زیاتر پێویستی بە بەدواداچوون هەیە». جوان هۆکاری سەرنەکەوتنی کارەکان دەگەڕێنێتەوە بۆئەنجام نەدانی بەدواداچوون لەسەر کێشەکان.

دواتر عەلی کەریم سەرۆکی سەنتەری ئەنستیۆی کورد بۆمافەکانی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان، پێیوایە کە دوو پێوەر هەیە، پێوەری یەکەم بانگەشەی سەرەتای ئەم دەزگایە تا کوئێستا لەگەڵ ئەوشتانەی کردوویەتی باس بکرێت کە بانگەشەی ئەوەی کرد کە توندوتیژی کەمدەکاتەوە و ئەم دەزگایە سەر بەنووسینگەی سەرۆکی حکومەت دەبێت و هەموو گرفتەکان چارەسەر دەکات، دەڵێت «بەڵام زیادبوونی توندوتیژی وەك دەردەکەوێت کەمتەرخەمی ئەم دەزگایەی بەدەرخستووە، چونکە ئەوان بەڵێنیاندا کە توندوتیژی کەم بکەنەوە، بەڵام ئێستا زیاتر بووە، لەبەر ئەوە دەتوانن هەر بەخۆیان بڕیاربدەن بۆئەوەی بزانن تاچەند کاریان کردووە، خاڵێکی تر ئەو توانا ماددی و مەعنەوییانەی لەبەر دەستی ئەم دەزگایەدایە ئەوە بەراورد بکەین بە ئەرکەکانی و ئەنجامەکانی، ئیمکانیاتێکی ماددی زۆرە، نووسینگە لەزۆربەی شارەکان هەیە لەگەڵ زۆری کارمەندو پۆلیس. عەلی کەریم دەشڵێ «ساڵانی ڕابردوو ڕاپۆرتێکیان هەبووە، ئەمساڵ ئەم ڕاپۆرتەش بڵاونەکرایەوە تائێستا نازانین کەی دەردەچێت، بەڵام ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە گەر ئەوەش نەکەن هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆکارەکانیان. من وەك هاووڵاتیەك دەپرسم ئایە بەڕێوەبەرایەتیەك تایبەت بەتوندوتیژی ئافرەتان و ئەو دەزگایە ئامارێکی لا نەبێت و کارێك نەکات جیابێت لەهی ڕێکخراوەکانی تر، ئەم دەزگایە بەم هەموو ئیمکانییەتەوە ئەوە دەستکەوتەکانی بێت کە خودی فەرمانبەرانی خۆی گلەییان لێی هەبێت و هەموو خەڵکێك گلەیی هەبێت کەواتە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە کەمتەرخەمە لەکارەکانی دا. بۆیە پێویستە بەر لەوەی کە پلانی ساڵانە دابنێت هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆساڵی ڕابردوو بکەن ئەم هەڵسەنگاندنە خەڵك بیکات یان ڕێکخراو یان خەڵکانی پسپۆڕ بیکەن تا ئەوان بزانن بەرچاوڕوونانە لەکێشەکە بگەن».

## ئەو ئافرەتانەی کە پلەی بەرزیان هەیە تائێستا نەیانتوانیوە خزمەت بەدۆزی ئافرەتان بکەن

نەعیمە خالید بەرپرسی لقی هەولێری یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی دەڵێت «زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی جێگەی داخە لەکاتێکدا دەبوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی هەنگاوی خێرای ئەنجامدابایە و هەماهەنگی لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەبوایە و بیتوانیایە کاری جددی بکات، بەڵکو ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی بیەوێت سەرکەتووبێت پێویستە تەنسیقی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بکات. نەعیمە خالید ئاماژە بەوەشدەدات کە ئەو ئافرەتانەی کەپلەی بەرزیان هەیە هەتائێستا نەیانتوانیوە خزمەت بەدۆزی ئافرەتان بکەن، لەبەر ئەوەی کە ئەو ئافرەتانە هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نادرێتێ، بەڵکو تەنیا وەك ڕواڵەت لەپلەکاندا دادەنرێن.


هەروەها ئەڤین ئیبراهیم فەتاح چالاکوان لەبواری ئافرەتان سەبارەت بەزیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی دەڵێت «بەرزبونەوەی ئامارەکان لەگۆشەنیگای منەوە دوو جۆر خوێندنەوەی هەیە، یەکێکیان ئیجابییە، چونکە جاران کێشە هەبوو، بەڵام خەڵك قسەی نەئەکرد. کەچی ئێستا ئافرەتان وشیاربوونەتەوە شکات ئەکەن لەلای پۆلیس، بەشێکی تر نیشانەی ئەوەیە کە توندوتیژی لەزیادبووندایە لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی کە ناونراوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەبەر کێشەی ئافرەتان دروست نەکراوە، لەبەر ئەوەیە کە کێشەی توندوتیژی بۆتە قەزیەیەکی نیودەوڵەتی بۆئەوەی بڵێن ئێمەش کێشەی ئافرەت چارەسەر دەکەین، لەکۆتاییدا ئەو شوێنە دانەنراوە بۆچارەسەری کێشەی ئافرەتان ئەوەندەی بۆ شتێکی شەخصی دانراوە لەدوو لاوە، لەلایەکەوە ڕێکخراوەکان خەڵك وشیاردەکەنەوە خەڵك شکات دەکەن ژمارەکە زۆر دەبێت ئەوە بڵاو دەکەنەوە بەڵام هەوڵی چارەسەرکردنی نادەن لەبەر ئەوە ڕێژەکە زیاد دەبێت، چونکە خەڵك وشیار دەبێتەوە کەسیش کێشەکانیان چارەسەرناکات.

# ئافرەتێک دراوسێکەی بە دەستدرێژی تۆمەتبار دەکات

بەپێی نووسراوی بنکەی پۆلیس کۆڕێ کە ئاراستەی پۆلیسی شەقڵاوە کراوە، ئافرەتێك دراوسێکەی بە دەستدرێژی سێکسی تۆمەتبار دەکات لەکاتی ئامادە نەبوونی هاوسەرەکەی لەماڵەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/٧ دادخواز (ن.ع) کە ئافرەتی ماڵەوەیە سکاڵای دژی دراوسێیەکیان بەناوی (س) بەرزکردۆتەوە بەتۆمەتی دەستدرێژی سێکسی، لە سکاڵاکەدا هاتووە: دوای ئەوەی هاوسەرەکەی بەناوی (ب) لە ماڵەوە دەرچووە تۆمەتبار (س) چۆتە ماڵیان و دەستەکانی بە قایشی پانتۆڵی بەستۆتەوە دواتر لەسەر سیسەم بە زۆر کاری سێکسی لەگەڵ ئەنجامداوە، دادوەر وتەی دادخوازی وەرگرتووە و بڕیاریدا بە دەستگیرکردنی تاوانبار و دوای زانینی ناوی سیانی بەپێی بەماددەی ٣٩٣ یاسای سزاکان، هەروەها بڕیاری داوە بە وەرگرتنی وتەی هاوسەری دادخوازیش و پەڕاوەکەش ڕەوانەی فەرمانگەی دادی سەلاحەدین بکرێت لەبەر هەستیاری کێشەکە.





# بەنامە هەڕەشە لەکچێک دەکات

هەڕەشەکردن لەکچان بەشێوازی جیاجیا لەلایەن گەنجانەوە بەبیانووی سەیر بەردەوامە، هەر لەم چوارچێوەیەدا پیاوێك دژی کەسێك داوا بەرز دەکاتەوە بەوەی هەڕەشەی لەکچەکەی کردووە.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/٨ (ن.ع) کە لەدایکبووی ١٩٦٢ و دانیشتووی گەڕەکی زانیاری شاری هەولێرە، سکاڵای دژی (ی.م) بەرزکردۆتەوە و بەوە تاوانباری دەکات کە هەڕەشەی لەکچەکەی (س.ن) کردووە و نامەیەکی فڕێداوەتە ماڵیان و هەڕەشە لە کچەکەی دەکات کە پێویستە شووی پێ بکات، دوای لێکۆڵینەوە وتەکانی دادخواز وەرگیران، دواتر دادوەر بڕیاریدا بەڕەوانەکردنی پەڕاوەکە بۆ بنکەی پۆلیسی خانەقا بۆتەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە.



# دوو کەس هەڕەشە لەئافرەتێک دەکەن



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/٧ دادخوازێکی ئافرەت بەناوی (ف.ا) کە لەدایکبووی ١٩٨٦ و ئافرەتی ماڵەوەیە، لەبنکەی پۆلیسی ئیسکان ئامادەبوو و سکاڵای دژی دوو هاووڵاتی تۆمار کرد.

(ف.ا) لە سکاڵاکەیدا هەریەکە لە (هـ.خ) و(ر.ق) بەوە تاوانبار دەکات بەوەی هەڕەشەیان لێکردووە، بەپێی وتەکان (ف.ا) هەریەك لە دوو تاوانباری نابراو چوونەتە سەر ماڵی و دەمانچەیان لێی ڕاکێشاوە و هەڕەشەشیان لێکردووە.

دادوەریش بڕیاریدا بەهێنانی شاهێدانی ڕووداوەکە و ئامادەکردنی تاوانباران بەپێی ماددەی ٤١٣ یاسای سزاکان.